# کیبۆرد و ماوسێک تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی

هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کۆمپانیای لاجیتیك، هەوڵی کۆمپانیاکە بەرهەمهێنانی ئامێری تایبەت بەیاری ئەلکترۆنی بووە. سنووری کاری کۆمپانیاکە زیاتر جیهانی یاری گرتۆتەوە. لەم دواییانەدا کۆمپانیای ناوبراو ماوس و کیبۆردێکی تایبەت بەگەمەکردنی بەرهەمهێناوە، کە بەدیزاین و کارکردە سەرنجڕاکێشەکەی سەرنجی گەمەکەرەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. ماوسی جۆری G9X ما و سێکی



تایبەت بەگەمەکردنە کە لەهەر لایەنەکەوە سەرنجی بدەی، توانا بەرچاوەکانی دەردەکەون. ماوسەکە لەیزەرییە بەتوانای 5700 dpi. ماوسەکە ئەو توانایەی هەیە کە چەندین کارو ئەرك بەدوگمەکانی سەر ماوسەکە بسپێری.

کیبۆردەکەش کە بەجۆری G105 ناسراوە کە بەبوونی 6 دوگمەی G و توانای دانی 3 فەرمان بەهەر کام لەو دوگمانە دەکرێت هەتا 18 فەرمان بەو شەش دوگمەیە بسپێری.

ئەو تیشکە سەوز ڕەنگەی کە لەژێر هەرکام لەدوگمەکانی کیبۆردەکە دایە کیبۆردەکەی سەرنجڕاکێشتر کردووە و هەروەها بۆ دۆزینەوەی دوگمەکان لەتاریکدا گەلێك ئاسانە. هەروەها دوگمەکانی تایبەت بەڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی دەنگ لەو کیبۆردەدا داندراوە.






## یەکەمین مۆبایل کە خاوەنی شاشەی HDیە

کۆمپانیای LG کە یەکێکە لەکۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو، لەم نزیکانەدا نوێترین مۆبایلی جۆری HD بەناوی LG Nitro HD بەرهەم هێنا کە ئەو مۆبایلە خاوەنی شاشەی 4.5 ئینجییە و کوالیتییەکی زۆر سەرکەوتووی هەیە.

هاندە نوێیەکە خاوەنی پرۆسیسەرێکی 1.5 گیگایە، واتە بەقەد خێرایی لاپتۆپێك. جگە لەوەش کامێرایەکی 8 میگاپیکسلی هەیە لەگەڵ فلاشێکی LED و هەروەها کامێرایەکیش بەکوالیتی 1.3 میگاپیکسل لەپێشەوە.

مۆبایلی جۆری LG nitro HD لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید دەگونجێ، هەروەها لەتۆڕی نەوەی چوارەمی ITT دا کار دەکات، مۆبایلەکە خاوەنی 20 گیگابایت هاردی دەرەکی و 4 گیگابایت هاردی ناوخۆیی هەیە، جگە لەوەش کارت میمۆری جۆری SD بەتوانای 16 گیگابایتی دەچێتە سەر.



# کیبۆرد و ماوسی بلورین

کیبۆرد و ماوس دوو ئامێری گرنگ و سەرەکی کۆمپیوتەرن، لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی نوێ بەسەر چۆنییەتی کارکردی کیبۆرد و ماوس و هەروەها بەسەر دیزاین و قەبارەی ئەو دووانەدا هاتووە.

لەم دواییەدا کۆمپانیایەك کیبۆرد و ماوسێکی تەواو شەفاف و شووشەیی بەرهەم هێنا، هەردووکی ئەو ئامێرە لەمسین. بەهۆی LEDیەکی سەرووی تیشکی سوور، تیشکەکەی لەژێر لوولە شووشەیەکە بڵاو دەکاتەوە و لەکاتی دانانی پەنجە لەسەر کیبۆرد یا ماوسەکە بەهۆی بەرکەوتنی تیشکی خۆر، کامێرای ژێر کیبۆردەکە یا ماوسەکە ئەکتیف دەبێت و جوڵەکەی ئێوە دەگوازێتەوە.

شووشەی ئەم کیبۆرد و ماوسە لەماددەیەکی مەحکەم و پتەو دروست کراوە، هەروەها بەهۆی کارەباوە شەحن دەبنەوە. جگە لەوەش لەگەڵ کیبۆرد و ماوسەکە پرۆگرامی تایبەت بەوانە هەیە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بەویست و حەزی خۆی دوگمە و کارکردی فەرمانەکانیان بگۆڕێت.








## کامێرایەک ڕاستەوخۆ فیلم و وێنە بۆ ئینتەرنێت دەگوازێتەوە

کۆمپانیای سۆنی کە یەکێکە لەکۆمپانیا بەناوبانگەکانی بواری تەکنۆلۆژیای نوێ، لەم دواییەدا کامێرایەکی دیجیتالی بەرهەمهێناوە کە لەمسییە و توانای هەڵگرتنەوەی 4 کاتژمێر فیلمی HDی هەیە و ڕاستەوخۆش فیلمەکە بۆ ئینتەرنێت دەگوازێتەوە. ئەو کامێرا لەمسییە کە بەBloggier touch ناسراوە، وێنە و فیلمەکان بۆسەر سایتی یوتیوب و فەیسبووك دەگوازێتەوە. هاردی ناوخۆیی کامێراکە 8 گیگابایتە. کاتێك سەیری فیلمی سەر شاشەی کامێراکە دەکەی، گرنگ نییە کامێراکە ڕووی لەکوێ دابێت، فیلمەکە بۆ ئەو شوێنە دەسوڕێت کە تۆ سەیری دەکەی. بۆ نیشاندانی وێنەکان کامێراکە هەم لەکۆمپیوتەر و هەم لەتەلەڤزیۆن ڕاستەوخۆ پێوەند دەدرێ.

# ئۆتۆمبێلێک بەمۆبایل ڕەنگەکەی دەگۆڕدرێت

کۆمپانیای تویوتا کە یەکێکە لەکۆمپانیا لەمێژینەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل و سەر بەوڵاتی ژاپۆنە، لەم ماوەیەدا نوێترین ئۆتۆمبێلی خۆی بەناوی Fun Vii بەرهەم هێنا، جیاوازی سەرەکی و بنەڕەتی ئەو ئۆتۆمبێلە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانی دیکە لەوەدایە کە دەتوانی تەنیا بەهۆی لاپتۆپ یان مۆبایل ڕەنگ و ستایلەکەی بگۆڕی. چۆن لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەکەت ستایلەکەی دەگۆڕی و چ وێنەیەك یان ڕەنگێك حەزی لێدەکەی دایدەنێ، چوارچێوەو بێچمی ئەو ئۆتۆمبێلەش دەکرێت بەم شێوەیە بگۆڕی. چەندە دەتوانی گۆڕانکاری لەبەشی دەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا بکەی ئاواش لەبەشی ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا تەنیا بەهۆی مۆبایل یان لاپتۆپەوە گۆڕانکاری دەکرێت.. نوێترین سیستەمی پێشکەوتوو لەو ئۆتۆمبێلەدایە بۆ دۆزینەوەی مەبەست و ڕێگاکان وەك سیستەمی پێشکەوتووی GPS. بۆ زیاتر زانیاری و دیتنی ڤیدیۆی تایبەت بەم ئۆتۆمبێلە دەتوانن لەسەر سایتی یۆتیوب ناوی ئۆتۆمبێلەکە بنووسن.



# ZBOX نیازی هەیە جیهانی کۆمپیوتەر بگۆڕێت



لەچەند ژمارەیەکی ڕابردووی فایلی ئایتیدا ئاماژەمان بە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەرێك کرد کە لەپەنجەی دەستدا جێگەی دەبێتەوە، ئەویش بەرهەمی کۆمپانیای زوتاك یا ZBOXـە. کۆمپانیای ناوبراو هەوڵەکانی لەوەدا چڕکردۆتەوە کە جیهانی کۆمپیوتەر بەرەو بچووك کردنەوە ببات و لەو کەیسە زەبەلاح گەورانە دەربازی بکات کە شوێنێکی زۆر لەتەنیشت مێزی کار دەگرن.. کۆمپیوتەری ZBOX nano کە بەقەد پەنجەی دەست دەبێت بەرهەمی ئەو کۆمپانیایەیە. کۆمپیوتەری بچووك بەکارایی مەزن هەم شوێن داگیر ناکات و هەم وزەی کەمتر دەوێت و تێچووەکەشی کەمتر دەگرێت.

دوایین بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراو لەو بارەوە کۆمپیوتەری جۆری ZBOX Blu-ray 3Dیە. کە خاوەنی یەکەی لێکدەرەوەی 525 گیگاهێرتزیە کە بەدانانی پارچەی کۆمپیوتەری NM10 Express کۆمپیوتەرەکەی کردۆتە یەکێك لەبەهێزترین نۆتی بووکەکان. کارتی شاشەی کۆمپیوتەرە بچووکەکە 512 میگابایتە. هەروەها دەتوانێت سیستەمی بلۆ ڕەی بەشێوەی سێ ڕەهەندی بخوێنێتەوە. هاردی ئەو کۆمپیوتەرە بچووکە 250 گیگابایتە. گشت شوێن و کەلێنێکی تایبەت بەدانانی USB. DVI. HDMI... هەیە. باشترین خزمەتگوزاری هەیە بۆ دابینکردنی تۆڕی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، چونکە مۆدێمی جۆری 802,11ی لەسەرە کە لەپانتایی باندی 300 میگابایت لەچرکەیەکدا سوود وەردەگرێت. دەنگی کۆمپیوتەرەکە لەریزی دەنگە ئوستریۆ باشەکان دێت.

# ڕادیۆش بەئاو کار دەکات!

لەجیهانی گەیاندن و ڕاگەیاندندا ڕادیۆ مێژوویەکی درێژخایەنی هەیە، یەکەمین ئامێری گەیەنەری بیستن ڕادیۆ بووە، لەگەڵ ئەوەیدا کە گۆڕانکاری بەسەر سیستەمی ڕاگەیاندندا هاتووە، بەڵام هێشتا ڕادیۆ گرنگی خۆی لەدەست نەداوە..

هەرچەندە ڕادیۆ وزەیەکی زۆری ناوێت بۆ کارکردن، بەڵام پسپۆرانی بواری تەکنۆلۆژیا هەوڵیانداوە کارێك بکەن کە ئەوەندە وزەیەشی پێویست نەبێت، بۆیە لەدوا هەوڵیان ڕادیۆیەکیان بەرهەمهێناوە کە وزەی خۆی لەئاو وەردەگرێت. لەڕاستیدا ڕادیۆکە وەك قوتویەك ئاوی تێدەکرێ و بەهۆی زەختی ئاوەکەوە ڕادیۆکە کار دەکات.



# لەلاپتۆپەکەتدا SMSەکان ببینە و وەڵامیان بدەوە

گەلێك جاران لەسەر کۆمپیوتەر خەریکی کارکردنی و ئەوەندە چوویەتە ناو کارەکەتەوە کە توانای خوێندنەوە و وەڵامدانەوە بەو کورتە پەیامانەت نییە کە بۆ مۆبایلەکەت دێن. بەدانانی پرۆگرامی DeskSMS ئەو پرۆگرامە گرنگەیە کە بەدانانی لەسەر مۆبایلەکەت دەتوانی گشت پەیامەکان بۆ Gmail یا Gtack یان خودی پرۆگرامی کردنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێتی ناو کۆمپیوتەرەکەت بێت. پرۆگرامی ناوبراو هەرکە کورتە پەیامێکت بۆ هات بۆ ئیمێلەکەی تۆی دەنێرێت یان ڕاستەوخۆ بۆ سەر کۆمپیوتەرەکەتی بەڕێ دەکات. لەکاتی وەڵامدانەوە بەکورتە پەیامەکەش هەر بەژمارەکەی خۆت دەچێت. کارکردن بەو پرۆگرامە زۆر ئاسانە دوای دانانی پرۆگرامەکە لەسەر مۆبایلەکەت ئیمێلەکەی خۆتی بۆ بنووسە، ئیدی پرۆگرامەکە ئۆتۆماتیکی کورتە پەیامەکان بۆ ئیمێلەکەت بەڕێ دەکات.





## هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیارێـــک

خوێنەرێکی بواری ئایتی پرسیارێکی سەبارەت بەڕایت و کۆپی کردنی گۆرانی و دەنگ بۆ سەر CD.DVD بۆ هاتۆتە پێش، ئەم خوێنەرە دەپرسێت ئەگەر کۆمپیوتەرەکەم پرۆگرامێکی تایبەت بەرایت کردنی گۆرانی و دەنگ بۆ سەر CD.DVD تێدا نەبێت چ هەنگاوێك بگرمە بەر بۆ ڕایت کردنی گۆرانی بۆ سەر CD.DVD کە دواتر بتوانم بەدیڤیدی ماڵەوە لێیبدەمەوە.

خوێنەری بەڕێز گرفتی ڕایت کردنی گۆرانی بۆ سەر CD لەویندۆز7دا نەماوە، بەتایبەتی بەپرۆگرامی media player کە لەگەڵ ویندۆزەکەدایە. لەسەرەتادا ئەو پرۆگرامە بکەوە، پاشان لەوێ فەرمانی library لێبدە. لەو پەنجەرەی کراوەتەوە فرمانی Burn an Audio CD لێبدە. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە حەتمەن دەبێ ئەو CD یا DVD یەی دەیخەنە سەر دەبێ بەتاڵ بێت واتە شتی نەخرابێتەسەر.

ئێستاکە هەر فایلێکی دەنگی کە نیازتە کۆپی بکەی بەماوسەکەت بیگرە و لەBurn list دا دایبنێ. ئاگاداربە ئەوەندەی گۆرانی دانەنێی کە CD یا DVDیەکە هەڵینەگرێت. هەرچەندە ئەگەر زۆر زیاتر لەتوانای خەزنکردنی CD یا DVDیەکە دایبنێی، ئەوکات داوای CDی تر دەکات. ئیدی هەر بەو ئاسانییە فایلی گۆرانییەکانت لەسەر CD ڕایت دەبن و پێویست بەپرۆگرامی تایبەت ناکات.




# تەلەڤزیۆنێک دەبینێ و دەبیسێ!!

لەم چەند ساڵەدا جیهانی تەلەڤزیۆن کەوتۆتە بەر شەپۆلی گۆڕانکاری، وەك بەرهەمهاتنی تەلەڤزیۆنی LCD,LED, OLED...تاد. هەروەها شێوەی سێ ڕەهەندی 3D کە سیستەمی بینینە لەتەلەڤزیۆندا، جگە لەوە تەلەڤزیۆنی ئینتەرنێتی کە دەکرێت وەك کۆمپیوتەر ئەرکەکانی تایبەت بەئینتەرنێتی پێ جێبەجێ بکەی..

لەم دواییەدا کۆمپانیای ئەپڵ کە بەرهەمەکانی هەمیشە لەلوتکەدان، بەنیازی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنێکە کە دەنگی بەکارهێنەرەکەی خۆی دەبیسێ و جووڵەی بینەرەکەی خۆی دەبینێ.

گەلێك جاران ئێمە کە بەدیار تەلەڤزیۆنێکەوە دانیشتووین ئەو پرۆگرامانە دەبینین کە دووپاتەن، یان ئەو بێژەرانە دەبینین کە حەزیان لێناکەین و هاوار دەکەین و جار هەیە قسەی ناشیرینیش دەکەین.. بەڵام ئێستاکە دەبێت ئاگاتان لەو هەڵسوکەوتەتان بێت، چونکە تەلەڤزیۆنی جۆری iTV هەموو ئەو کردارانەی کە ئێوە دەیکەن دەبیسێ و دەبینێ. بەهۆی ئەو تەلەڤزیۆنەوە دەکرێت بەویستی خۆت فیلمەکانی سەر ئینتەرنێت سەیر بکەی. بیرۆکەی داهێنانی تەلەڤزیۆنێکی وا بۆ ستیۆجابزی کۆچکردوو دەگەڕێتەوە. جگە لەوەش لەم تەلەڤزیۆنەدا هەموو ئەرکەکان بەدەنگ ئەنجام دەدرێن، واتە کاتێك دەڵێت بکوژێوە دەکوژێتەوە، یان بچۆ بۆ سەر ئەو کەناڵەی کە مەبەستتە دەچێت سەر ئەو کەناڵە...

# هارددیسکێکی گرنگ لەبواری ئەمنییەتەوە

لەسەردەمی دیجتالیدا، هیچ شتێك وەك پاراستنی داتا و فایلە شەخسیەکان گرنگ نییە، زۆر ئامێر و شێواز هەن بۆ هەڵگرتن و پاراستنی داتاکان.. یەکێك لەم ئامرازانە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا پەرەی سەندووە، هارددیسکی دەرەکی یا پۆرتێبڵە.. هیچ شتێك بۆ خاوەنی داتاکە لەوە دژوارتر نییە کە داتاکانی بدزرێن، یان لەناو بچن..

ئەگەر داتاکانتان لەهارددیسکێکدا خەزن کرد و دواتر هاردەکە ون بوو، یا دزرا.. چ هەنگاوێك دەگرنە بەر؟

لەم دواییانەدا لەلایەن کۆمپانیای کورونیکس ئامێرێك بەرهەم هاتووە کە بەSecurage ناسراوە، ئامێرەکە چوارچێوەیەکی تایبەتە بەهارددیسك جا هەر هاردێسکێکی پورتێبڵ بێت ئەو ئامێرە کۆدی نهێنی لەسەر هارددیسکەکە دادەنێت. چوارچێوەی هارددیسکەکە خاوەنی شاشەیەکی OLED و کیبۆردێکی لەمسییە، تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ دەستت بەزانیاری و داتاکانی ناو هاردەکە ڕابگات کە کۆدێکی 4 هەتا 8 ژمارەیی لێبدەی. تەنانەت ئەگەر بتهەوێ هاردەکە لەچوارچێوەکە دەربێنی و ڕاستەوخۆ بیخەیە سەر کۆمپیوتەر هێشتا ناتوانی دەستت بەزانیارییەکانی ناو هاردیسکەکە ڕابگا. ئەو ئامێرە لەگەڵ گشت هاردیسك و کارت میمۆری جۆری SSD 2.5 دەگونجێت.

